# مزگین مزگین گەلێ کوردان
# ڕۆژا کوردستانێ هەلات
# شێر هات وەڵات شێر هات
# وەڵات مزگین ل وە بارزانی هات



سەرەتا دلشـــاد نێروەیی دەربارەی سروودی (مزگین مزگین) دەڵێ: ســروودی (مزگیــن مزگین) لە تێکســتی شــاعیری نەمری کورد (قەدری جان) ە، ســاڵی ١٩٥٨ کاتێك بارزانــی نەمر لە یەکێتی ســۆڤیەتی پێشــوو گەڕایەوە پێشکەشی کرد، ئەم شیعرە لەلایەن ڕۆشــنبیرانی کورد لە شام هەڵگیرا بوو، لە ساڵی ١٩٩٣ ئەدیب چەلکیی شاعیر دوای ئەوەی لە ســەردانێکیدا بۆ سوریا گەڕایەوە گوتی: دیارییەکــی پڕ بەها و بە نرخــم بۆ هێناوی، بەڵام هیــوادارم ئەگەر ناتوانی مافــی خۆی پێ بدەی زوو پێم بڵێ بۆ ئەوەی پێشکەشــی گۆرانیبێژێکی دیکەی وەك شڤان پەروەر یان حەسەن شەریفی بکەم، منیش ڕازی بووم و لە هەمان کاتدا پێمگوت: نابێ تۆش پێم بڵێیی ساڵێك یان دوو ساڵی دیکە بیکەی بە گۆرانی، گوتی: باشە دوو ساڵ مۆڵەت بۆ تۆ، لە ســاڵی ١٩٩٥ ئاوازێکمان بۆ ئەم تێکستە دانا و ئامادەم کرد بۆ یادی یۆبێلی زێڕینی پارتی و هاتمە دهۆك بۆ ئەوەی کە بەم ســروودە بەشــداری بکەم، بــەڵام مخابن وەرنەگیرام، دواتر لە ســاڵی ١٩٩٧ ئەم ســروودەم بە هاوکاری هەر یەکە لە ســوبحی نێروەیی کە سازێکی بۆ کڕیم و زێرەڤان نێروەییش کە هاوکاری ماددی کردم تۆمار کرد، دواتر بەشــێوەی ڤیدیۆکلیــپ لە کەناڵی کوردســتان تیڤی لۆکاڵ تۆمارکرا، من ســەربەرزم بەوەی کە ئەم ســروودەم گوت و خەڵکیش پێشوازیی لێکرد.

دلشاد نێروەیی ئەوە دەخاتە ڕوو کە بە درێژایی ژیان لە شــاخ و و لەنێو شەڕ و خەباتی پێشــمەرگایەتیدا بــووە و ئەنفال و کیمیابارانــی بەچــاوی خۆی بینیوە و زۆربــەی تەمەنی خۆی لە ژێر بۆمبــاران و تۆپبارانی فڕۆکەکانــی دوژمندا ژیانی بەسەر بردووە.

هــەروا دەڵێ ئاســاییە کــە گۆرانی بە شــێوەزارە جیاجیاکانی کوردســتان بگوترێت جــا بە کرمانجی ســەروو بێت یان خواروو و هیچ منەتــی تێدا نییە کە هونەرمەندێکی هەولێر و ســلێمانی بە شێوەزاری کرمانجی گۆرانییەك بڵێت یان بە پێچەوانەوە، چونکە هەردووکیــان بە زمانی کوردیــن و لە هەموو وڵاتان کە دوو شــێوەزار یان زیاتری تێــدا هەبێت بە ڕێگای هونەرەوە پێوەندییان بەهێزتــر و پتەوتر دەبێت و دەبێتە خزمــەت کردن بە هونەری کــوردی، بەڵام پێی وایە نابێ ئەم دیاردەیە بەشێوەی لاسایی کردنەوە بێت.

ســەبارەت بە هاوکاری کردنــی هونەرمەندان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشــنبیرییەوە هونەرمەند دلشــاد نێروەیی دەڵێــت: پێموایە وەزارەتی ڕۆشــنبیری هاوکاری زۆر لــە هونەرمەندانی کــردووە و من یەکێکــم لەوانەی کە هــاوکاری کــراوم، لــەو بەرهەمــەی دواییمدا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیر و هونەری دهۆك هاریکاریان کردووم، هەرچەندە ئەم هاریکاری کردنە وەك پێویست نەبوو، بەڵام ئەگەر ئەو هاریکارییەش نەبوایە ئێســتا نەمدەتوانی تا ســێ ساڵی دیکەش ئەم سیدییەم بڵاو بکەمەوە بۆیە زۆر سوپاسیان دەکەم.

دلشاد نێروەیی پێیوایە کە مرۆڤ ناسراو بوو پێویستە هەمیشــە بەشــێوەیەك دەربکەوێ کە شــایەن بێت و دەربارەی ئەم مەســەلەیە و کلیپی کوردی لە ئێستادا دەڵێ: پێویســتە هونەرمەند بەشێوەیەك دەربکەوێ کە خەڵك لە هەموو ڕوویەکەوە پەسەندی بکات بەتایبەتی کە خەڵك چاودێری ورد و درشــتی هونەرمەند دەکات لە قســە کردنــی و جلوبەرگیــش و دەرکەوتنی لە بازاڕ و شــوێنە گشــتییەکان تەنانەت لەکاتی تۆمار کردنــی کاری هونەری و کلیپ و لــە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانیشدا بۆیە دەبێ حیساب بو هەموو شتێك بکات.

ســەبارەت بە کلیپ من پێموایە هونەرمەند و شاعیر موزیکزان و ئەندازیارانی دەنگ و سیناریست و دەرهێنــەر و وێنەگرەکان ئە ما نــە هەموویان تەواوکەری یەکترن لە کلیپدا، لە بواری کلیپ کاری باش هەیە، لەمەش زیاتر ئێمە خاوەن توانایەکی زۆرین ئەگەر کارەکانمــان زیاتر مۆرکی کوردی پێوە دیــار بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك کلیپ هەیە کە ئاســتیان نزمە، هیوادارم کارە لاوازەکانمان کەمتر بکەینەوە و باشــەکانیش زیاتــر پەرەیان پێ بدەین بۆ ئەوەی ئاســتی کلیپەکانمان بەرزتر بێتەوە و تەنیا بۆ دەرکەوتن و شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی هونەرمەند و گۆرانییەکــە نەبێت، هەروەها لەکاتی بوونی کچ لە کلیپدا پێویستە سیناریۆی کلیپەکە لەگەڵ شیعرەکەدا گونجاو بێت، بۆ نموونە ئەگەر لە تێکســتەکەدا باس لە گریان بکات و لەو لاشــەوە کچەکە پێبکەنێت، ئەوە زیاتر وەك گاڵتە جاڕی دەچێت، یان تێکســتە باس لە خــەم و ئازار بکات، کەچی کچەکە ســەما دەکات و پێدەکەنیت ئەمەیان کارێکی ناشیرین و دوور لە واقیعە، دەتوانــم بڵێیم زیاتر وەك گاڵتەجــاڕی دەچێت، بەڵام ئەگەر گۆرانییەکە باس لە گۆڤەند و شــایی بکات و کچەکــەش زەماوەند بکات ئەمەیان واقعی و کارێکی سروشــتییە، مخابن کەســانێك هەن گۆرانییەکانیان باس لە غەریبــی و دوورە وڵاتی و جیابوونەوەی دوو خۆشەویست دەکات، کەچی ڕیتمی گۆرانییەکە خێرایە کچەکە ســەما دەکات وەك ئەوەی کۆیلە و بەندەیەکە بە دەســت گۆرانیبێژەکە واتــە وەك کۆیلە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات و سەمای بۆ دەکات، من لە هەندێك کلیپدا بینیومە کە بابەتی گۆرانییەکــە و کلیپەکە هیچ پێوەندییــان بەیەکــەوە نییە و وەك ئــەوە وایە کچەکە کۆیلەی بێت.

دلشادە نێرەویی دەربارەی پێشــکەوتنی هونەر لە پارچەکانی کوردســتان پێیوایە کە ئەو ناتوانێت و ئەوماڤەی نییە کە دەستنیشــانی ئەوە بــکات لــە کام پارچــە زیاتــر

هونەری کوردی پێشکەوتووە، چونکە لە هەمو پارچەکاندا هونەرمەندی وا هەن کە توانیویانە خزمەت بە هونەر و کەلتووری نەتەوەیی کورد بکەن لە هەمان کاتدا کاری نوێخوازیشیان پێشکەش کردووە و بۆ پێشخستن و بەرز کردنەوەی ئاستی هونەر و کەلتووری میللەتی کورد کاریان کردووە و جێی پەنجەیان دیارە، لە هەمان کاتدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان هونەرمەند هەیە کە ئاستی هونەرییان لاوازە.

سەبارەت بە بوونی ئافرەت لە هونەری کوردی و لە دەڤەری بادینان بەتایبەتی دلشاد نێروەیی دەڵێ: من پێموایە تا ئێستا عەیشەشان، و نەسرین شێروان، گولبەهار، مریەم خان، گولستان پەروەر دووبارە نەبوونەتەوە، راستە ئێستا زۆر ئافرەت هەن دەنگیان خۆشە، لە رووی روخسارەوە خەڵك لێیان رازییە، توانا و ئەدای هونەرییان زۆر بەرزە، بەڵام من هیوادارم ئەگەر نەتوانن هونەری کوردیش پێش بخەن یان شتێکی نوێی بخەنە سەر ئەوا دەتوانن هەر هیچ نەبێت لەسەر رێچکەی نەسرین شێروان و عەیشە شان و گولبەهار بڕۆن، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبی هونەرەکە نەشێوێنرێت، بە هەمان شێوە بۆ پیاوەکانیش ئێمە کە نەتوانین هونەری کوردی پێشبخەین خۆ دەتوانین لەسەر رێچکەی محەمەد عارف، حەسەن زیرەك، ماملێ، تاهیر تۆفیق، ئەیاز و ئەردەوان ئەوانی تر بڕۆین، چونکە ئەمانە قوتابخانەی هونەری کوردین و تەواوی ژیانی خۆیان بۆ هونەری کوردی تەرخان کردبوو و توانیان میراتێکی زۆر گەورە و دەوڵەمەند لە دوای خۆیان جێبهێڵن بۆ ئەوەی ئێمەی نەوەی دوای ئەوان بتوانن سوودیان لێوەربگرین و لەسەر رێبازی ئەوان بەردەوام بین بۆ خزمەت کردنی هونەری کوردی، بەشێوەیەکی گشتی لە هەردوو رەگەزدا ئێمە ئێستا خاوەن هونەرمەندی زۆر بە توانایین کە دەتوانن خزمەتێکی زووۆر پێشکەش بە هونەری کوردی بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆرانبێژانی دیکە زۆر بوون و بێسەروبەرییەکی زۆریش بە هونەری کوردییەوە دیارە، دەبینین ئەوانەی لە ئاستێکی رۆشنبیری و هونەری بەرزدان ون بوون.



✻✻✻

**کەسمان نییە سرودی (مزگین مزگین گەلێ کوردان رۆژا کوردستانێ هەلات شێر هات شێر هات وەڵات)ی نەبیستبێت کە سروودەکە یەکێکە لە هۆنراوە مەزنەکانی شاعیری نەمری کورد قەدری جان و هونەرمەندی بە توانا دلشاد نێرەوەیی بە ئاوازێکی رەسەن و خۆشەوە پێشکەشی هونەری کوردی کردووە، ئەم سروودە، بووە هۆکارێك بۆ زیاتر ناساندن و پێشکەوتنی هونەرمەند دلشاد نێروەیی، ئەو کە بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لە پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی لە ئۆردوگای زێوە بەسەر بردووە هەمیشە بڕوای بەوە هەیە کە هونەرمەند دەبێ لەگەڵ ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی گەلی خۆیدا بژیت، لە پێوەندییەکدا دلشاد نێروەیی بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

✻✻✻

# گیبسۆن ئەمجارەیان لەگەڵ کچێکی ئەفغانیدا

پێدەچێت میل گیبسۆنی ئەستێرەی سینەمایی هۆڵیۆد نەتوانێت بێ گیروگرفت بژیت و هەموو گرفتەکانیش لەگەڵ ئافرەتاندایە بەتایبەتی لەگەڵ خۆشەویستە رووسیەکەی.

بەڵام هێشتا گرفتەکانی بە تەواوی چارەسەر و یەکلایی نەکراوە کەچی گیبسۆن لە یەکێك لە چێشتخانەکاندا لە کەشوهەوایەکی رۆمانسی لەگەڵ کچێك دانیشتبوو، ئەم دانیشتنە رۆمانسییە زیاتر بازاڕی پڕوپاگەندەکان دژی گیبسۆن گەرم دەکات، ماڵپەڕی (تی ئێم زێد)ی ئەمریکی رایگەیاند کە گیبسۆن لەبەردەم هۆتێلی (لەمیرتاج) و دوای نان خواردن لەگەڵ شۆخ و شەنگێك پێکەوە دانیشتبوون کار لە دانیشتنیش تێپەڕی بوو بەڵکو خەریکی ماچ و موچ بوون، ئافرەتەکەش ناوی (ئەزیتا غانیزاد)

یە و پاڵەوانی زنجیرەی (ئەلفار)ە، هەرچەندە قسەکەرێك بە ناوی گیبسۆنەوە ئەوەی رەت نەکردەوە کە گیبسۆن و ئەزیتا یەکتریان ماچ نەکردووە، ژووانەکەیان پێوەندی بە خۆشەویستییەوە نەبوو، شایەنی گوتنە غانیزادی تەمەن ٣١ساڵە لە دایکبووی ئەفغانستانە.



# ئان نموونەی پێوەندییە سەرنەکەوتووەکانە



کچە ئەکتەری ئەمەریکی ئان هاسوای سەبارەت بە ئازارەکانی خۆشەویستی و دوورکەوتنەوە لە ئەوینەکەی بە گۆڤاری (جالا)ی ئەڵمانیی راگەیاند: لە ژیاندا دوو لایەن هەیە لایەنێك خۆشی و شادییە و لایەنەکەی تریش بریتییە لە خەم، بۆیە پێویستە مرۆڤ هەمیشە روو لەلایەنی خۆشی و شادی بێت و خۆی لە لایەنەکەی تر دووربخاتەوە

هاسوای ئەوەشی گوت، ئێستا لە پێوەندییە سەرنەکەوتووەکاندا من پسپۆرم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆڵم نەداوە، چونکە نابێ مرۆڤ لە رووبەڕووبونەوە و بێئومێدی بترسێت و دەبێ هەمیشە بێئومێدی و سەرنەکەوتن هۆکارێك بێت بۆ بونیادنانی پێوەندی سەرکەوتوو لە داهاتوودا.

# کلۆنی: باسی رابردووی خۆشەویستیم ناکەم



لە چوارچیوەی دیمانەیەك کە گۆڤاری (رۆلینگ ستۆن) لەگەڵیدا جۆرج کلۆنی ئەنجامیدابوو، ناوبراو رایگەیاند کە ئەوە زانیاریانەی پێوەندییان بە لایەنی خۆشەویستییەوە هەیە بۆ خۆیانی جێدەهێڵێت.

سەبارەت بەو وێنانەی کە ستیسی کیبلەری خۆشەویستی کلۆنی بڵاوی کردۆتەوە وتی: راستە لەوانەیە خۆشەویستێکم هەبووبێت و نکۆڵی لێناکەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باس لەم مەسەلەیە ناکەم و و ستیسیش ئازادە چ دەکات و ناتوانم پێی بڵێم چی بکات یان نەیکات. ئەم لێدوانانەی کلۆنی لە کاتێکدایە کە ستیسی لە ماڵپەڕی تویتەر بە ئاشکرا باسی لە پێوەندی نێوان خۆی و کلۆنی کرد و چەند وێنەیەکیشی لەم پێوەندییە بڵاو کردەوە.

# گوڵاڵە: سەتەلایتی زاگرۆس فێرگەی منە


گوڵاڵە سەعید کە یەکێك بوو لە بێژەر و پێشکەشکارەکانی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس و ئێستاش لە ئەوروپا لە کاری ڕاگەیاندن بەردەوامە، لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەربارەی جیاوازی کاری ڕاگەیاندن لە کوردستان و لە دەرەوە دەڵێ: کاری ڕاگەیاندن لە هەندەران خۆشترە، چونکە ئازادی زیاترە و لێپێچینەوەت لەگەڵ ناکرێ لەسەر هەر شتێك کە پێوەندی بە ڕاگەیاندنەوە هەبێت.

سەبارەت بەوەی ئایا حەز دەکات زیاتر چ بەرنامەیەك پێشکەش بکات، ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و هونەری یان سیاسی، گوڵاڵە ئەوە دەخاتە ڕوو کە بێگومان زیاتر حەز لە بەرنامەی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتییە، بەڵام توانای ئەوەم هەیە بەرنامەی سیاسیش پێشکەش بکەم هەرچەندە لە کوردستان زۆر کەم ئافرەت دادەنرێت بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی سیاسی جددی، هۆکارەکانیش زۆرن و ڕەنگە کاتێکی دیکەی بوێت.



لەبەر ئەوەی ماوەیەك لە کوردستان وەك پێشکەشکاری بەرنامە و بێژەر لە کەناڵی زاگرۆس کاری کردووە، سەبارەت بەم کەناڵە کە پربینەرترین کەناڵی کوردییە، گوڵاڵە سەعید دەڵێت: زاگرۆس تیڤی شوێنی کار کردن و فێرگەی منە وەکو ڕاگەیاندن بۆیە هەموو کات خۆشمدەوێت و لە یادی ناکەم.

لە کۆتاییشدا گوڵاڵە سەعید دەڵێ: من لەگەڵ ئەوەدا نیم هیچ شوێن و لایەنێك ماف بدات بە مرۆڤ جا ئافرەت بێت یان پیاو، ماف شتێکە کە مرۆڤ خۆی دەبێت وەریبگرێت، لە هیچ شوێنێکی دنیا ماف دابەش ناکرێت، وەردەگیرێت، بۆیە ئەگەر ئێمە وەك ڕاگەیاندن کاری ئافرەت مافیشمان نەدرابێت دەبێ خۆمان وەریبگرین، نەك تەنیا لە ڕاگەیاندندا بەڵکو زۆر شوێنی دیکەش هەیە کە بێ ڕێزی بە مافی ئافرەت دەکەن، بۆیە ئێمە خۆمان هەوڵی بۆ دەدەین و من هیچ کاتێك ڕاگەیاندن خەتابار ناکەم، ئەمە دەبێ بگۆڕێ بەشێوازێکی دیکە.



# تیرێژ:
# خۆزگە لە کوردستان یانەی وەک بەرشەلۆنە هەبوایە

دوای ئەوەی هونەرمەندی لاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیرێژ ئورمیی ئەوەی لە باشووری کوردستان ناوبانگی دەرکرد و ناسرا، بڕیاریداوە بە یەکجاری لە شاری هەولێر نیشتەجێ بێت.

لەم بارەیەوە لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان تیرێژ دەڵێ: من ئێستا بە یەکجاری لە باشووری کوردستان نیشتەجێم و لە شاری هەولێر دەژیم، چونکە وەك هونەرمەند من لەو بڕوایەدام کە هەولێر بۆ داهاتووی کار و چالاکییە هونەرییەکانم جێگایەکی گونجاوە و دەتوانم زیاتر تێیدا سەرکەوتوو بم.

تیرێژ یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەواداری تۆپی پێیە لە پرسیارێکی گوڵاندا سەبارەت بەوەی سەرسامی چ یاری زانێکە، دەڵێ: زۆر بە لیۆنیل میسی سەرسامم، چونکە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕی لە یاری کردن و هەڵسوکەوتەکانی ئەم یاریزانەدا دەبینم لە کاتی یاریکردن، لە کاتی یاریکردن هەست دەکەم میسی شۆڕشێك بەرپا دەکات دژی تاریکی و زوڵم، بۆیە هیواخوازم لە کوردستاندا یانەی وەك یانەی بەرشەلۆنە هەبوایە کە بیانتوانیبایە کوردستان بە هەموو جیهان بناسێنن، پەنا بە خوا ڕۆژێك دێت ئەم ئاواتە دێتە دی.







## ئەلین خەلەف بۆ گوڵان:

# هەموو مرۆڤێک لە شتێک پەشیمان دەبێتەوە

***

**دوای ماوەیەکی زۆر بێدەنگی جارێکی دیکە خانمە هونەرمەندی لوبنانی ئەلین خەلەف بە شێواز و ستایلێکی نوێوە دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ یەکەم جاریشە لە بەغدا بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە چەند ئاهەنگێك ساز بکات و بە جەماوەری خۆی شاد بێت، ئەڵین یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بە هەستێکی ناسکەوە گۆرانی دەڵێت و زیاتر پشت بە گۆرانی سنگڵ دەبەستێت و هەمیشە دەڵێت هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە خاوەن دەنگێکی خۆش و لە هەمان کاتدا بتوانێت چۆن بە سەرکەوتویی گۆرانییەکانی ئەدا بکات، لە بەغدا و دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگی دووەمی بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

***



دیدانە/ عومەر هادی بەغدا



*** دوای ئەو ســـەردانە خێراییەت بۆ عێراق چۆن هەستی خۆت دەردەبڕی ؟**

-زۆر دڵخۆشم بەسەردانی وڵاتی دووەمم عێراق و بە خەڵکەکەی، پێشـــتر زۆرم شتم گوێ لێ ببوو دەربارەی عێراق، بەڵام تا لە نزیکەوە نەمدیت ئەو راستییەم بۆ روون نەبۆوە.

***کەشوهەوای ئاهەنگەکانت چۆن بوو؟**

- بێگومـــان بەشـــێوەیەك بوو کە مـــن چاوەڕێم نەدەکرد، ســـەرم سووڕما بەتایبەتی لە ئاهەنگی دووەم کـــە خەڵکێکـــی زۆر ئامـــادەی بـــوون، پێشوازییەکی زۆر گەرم هەبوو بۆ گۆرانییەکانم لەلایەن خەڵکەکەوە بەتایبەت کە گۆرانی (صبابین الشـــای و دلع الجبایب)مگوت، نەمدەتوانی لە گۆرانی گوتن بوەســـتم سەرەڕای ئەوەی هەموو کامیرا و وێنەگرانە کە روویان لە من بوو، ئەوەی زۆر دڵخۆشـــی کردم ئەوە بوو کە دەچوومە سەر تەختەی شانۆ خەڵکەکە زۆر دڵخۆش بوون هەستم بەو خۆشییە دەکرد.

*** ئەوە جاری یەکەمتە ســـەردانی بەغدا بکەی لەم سەردانەدا چی سەرسامی کردی؟**

- باشـــی خەڵکەکەو خۆشەویستیان و پاراستنی فۆلکلۆرو لەوە زیاتر شـــاری شـــاعیران و دۆڵی رافیدەینـــە (دجلەو فورات)، زۆر حەزم دەکرد کە زیاتـــر لەو وڵاتە بگەڕێم، بەڵام نە بوونی کات و کەم مانەوەم و پابەندبوونم بە ئیشەکانی دیکەم لە بەیروت وای لێکردم زوو بگەڕێمەوە.

*** پێـــش دەســـتپێکی ئا هە نگە کـــە کۆنگرەیەکـــی رۆژنامەوانـــی بەســـترا، راگەیاندنکارێکـــی زۆر تێیـــدا ئامادەبوو چۆن ئەوانت بینی؟**

- رۆژنامەنووسانی عێراق جێی پەنجەیان دیارە لە هەموو بوارەکانی راگەیاندندا، بەتایبەتی لەسەر شاشـــە، بەڵام کۆنگرەکە نەکـــرا بۆ هەر لایەکی راگەیاندن کاتێکمان دیاری کرد تاکو بە ئاسانی و بە ئارەزووی خۆیان بتوانن پرسیار بکەن هەرچەندە ماوەی مانەوەشـــم کەم بوو، بەڵام ویستم مافی هەموویان بدەم.

*** رات چییـــە بەرامبەر بە ئـــاواز و گۆرانی عێراقـــی نیـــازت نییە گۆرانییەك بە ســـتایلی عێراقی بڵێی؟**

- گۆرانـــی عێراقی کاریگەری و رەواجی خۆی لە هونەردا هەیە، هەنـــدێ گۆرانی هەیە کە لە رادیۆکانەوە گوێم لێ دەبێ، تووشـــی سەرسامیم دەکـــەن کە دەزانـــم ئەو گۆرانـــی عێراقییە،زۆر گۆرانی عێراق هەبوو بە نیاز بووم بیانڵێم، ئێستا گۆرانـــی عێراقی بـــە گوڕ و تینێکـــی زۆرەوە گەڕاوەتەوە، هەرچەندە ئێســـتاش قەیســـەر کازم ســـاهیر بوونی هەیە لە مەیدانی گۆرانیدا، بەڵام کەس نییە لە ئێمە ئێســـتا گۆرانی (قلب قلب) و چەندیـــن گۆرانی تری نوێـــی عێراقی گوێ لێنەبووبێ و پێی سەرســـام نەبێ، ئێستا خەریکی ئامادەکردنی گۆرانییەکی کەنداویم، بەڵام ئەگەر مۆســـیقاو شـــیعری جوانی عێراقی هەبوو ئەوا گۆرانی عێراقیش دەڵێم، چونکە لەبەر خۆشـــی هەموو کەس ئارەزوو دەکات بەو شێوەزارە گۆرانی بڵێ .

***بۆ ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانی هونەری جێگات وەك پێشوو دیار نییە ؟**

- ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیدا کۆمپانیای بەرهەم هێنان زۆر کەم بووە، بۆیە دەبێت پشـــت بەخۆمان ببەســـتین بۆ بەرهەمهێنان لەبەرئەوەش ماوە ماوە گۆرانییەکی ســـنگڵ دەهێنمە بـــازاڕ بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم.

*** لەسەر ئاستی ئاهەنگەکان ؟**

- من بـــەردەوام چاوپێکەوتن و ئاهەنگم هەیە لە میدیاکان و بەم زووانە سەردانی ئیمارت دەکەم بۆ ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێك .

*** تا ئێستا لەچی پەشیمانی ؟**

- بـــاوەڕ ناکەم کەس هەیە پەشـــیمان نەبێت زۆر شتی واهەیە وات لێدەکات پەشیمان بی لێی، بەڵام پەندی لێ وەردەگری لەبەر ئەوەی من هونەرمەندم واتە بۆ دوارۆژ سوودی دەبێت، بەگشتی هەموو مرۆڤێك لە شتێك پەشیمان دەبێتەوە.

*** بۆچی لەهەرێمی کوردستانی عێراق ئاهەنگت ساز نەکرد ؟**

زۆر لە هاوڕێکانم باسی ئەوە دەکەن کە کوردستان کەشوهەوای خۆشە و ئاســـایش و سەقامگیری هەیە، زۆر حەز دەکەم ئاهەنگی لێ بگێڕم تایبەت دوای ســـەرکەوتنی ئەو ئاهەنگانەی هاوڕێکانم لەوێ بەسەرکەوتوویی ئەنجامیانداوە زۆر گرنگە بۆ مـــن ئامادەبم لەوێ بۆ بینینـــی هاندەرانم و لـــەوێ زۆر کـــەس هەیە بەتایبەت لـــە هەولێرو ســـلێمانی پەیوەندیـــم پێوە دەکەن بـــۆ دەربڕینی هەستیان بەرامبەر بەخۆم.

*** ئەگـــەر داوات لێبکەن ســـەردانی هەرێمی کوردستان دەکەی؟**

- «بـــە پێکەنینەوە» بێ بیر کردنەوە یەکســـەر دەچم، بەڵام پێمخۆشە داواکە رەسمی بێت نەك بە شێوەی زارەکی .

